# لەسەر داوای لیستی هاوپەیمانی کوردستان لیستی یەکگرتوو وە هاوپەیمانی کوردستان بۆ یەکخستنی کوتلەکانیان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گفتوگۆ دەکەن

بەرێز مامۆستا هادی عەلی سەرۆکی شورای ناوەندی یەکگرتوو کە سەرۆکایەتی وەفدی یەکگرتوو دەکات بۆ وتوێژی نێوان لیستە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەغدا بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ پەیامنێری سایتی یەکگرتوو لە بەغدا روونی کردەوە کە کۆبوونەوە لەگەڵ وەفدی لیستی هاوپەیمانی کوردستان کراوە سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی هەر دوو لیستی یەکگرتوو وە هاوپەیمانی کوردستان لە وتوێژەکاندا و چۆنیەتی هاودەنگ بوون لەسەر مەسەلە ستراتیجی و چارەنووسازەکانی تایبەت بە کێشەی رەوای گەلەکەمان و ئەگەری یەکگرتنەوەی هەردوو کوتلە لەسەر بنەمای مۆرکردنی برۆتۆکۆلی هاوبەش و هەروەها ئاشکرای کرد کە یەکگرتوو پێی باشە هەردوو لیست بە دوو کوتلەی جیاواز بەرگری لە کێشەی رەوای کورد بکەن و ئەرکی سەرشانیان بەجێ بهێنن بەڵام هێشتا نەگەشتونەتە بریاری یەکجاری